هەرکەسێک بکوژرێت بەهۆی بەرگریکردنی لە: ماڵی، یان خێزانی، یان خوێنی، یان ئاینەکەی؛ ئەوا شەهیدە

لە سەعیدی کوڕی زەیدەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک بکوژرێت بەهۆی بەرگریکردنی لە: ماڵی، یان خێزانی، یان خوێنی، یان ئاینەکەی؛ ئەوا شەهیدە».

[صەحیحە] [تورموذی گێڕاویەتیەوە - نەسائی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

فەرموودەکە سوودی ئەوەی تێدایە کە هەرکەسێک دز یان ڕێگر هاتە سەری و ویستی پارە وماڵەکەی ببات بە هێزەوە بە بێ هیچ مافێکی شەرعی، ئەوا ئەو کەسە بۆی هەیە شەڕی دژ بکات وبەرگری لە ماڵ وپارەکەی بکات، وئەگەر ئەم مسوڵمانە بکوژرێت بەهۆی بەرگری کردنی لە ماڵ وپارەکەی ئەوا شەهیدە لە حوکم وپاداشتدا لە لای خوای گەورە -سبحانە وتعالی-، ومەبەست ئەوە نییە کە وەکو شەهیدی جەنگە کە ناشۆردرێت، وبە هەمان شێوەیە ئەگەر کەسێک بکوژرێت بەهۆی بەرگری کردنی لە نەفسی خۆی، یان بەرگری بکات لە خێزان وکەسە نزیکەکانی وئەگەر بکوژرێت بەهەمان شێوە حوکم وپاداشتی شەهیدی بۆ هەیە، وئەوەیشی لە پێناو دینەکەی وسەرخستنی ئاینەکەی بکوژرێت لە گۆڕەپانی جەنگدا حوکمی شەهیدی جەنگی هەیە کە ناشۆردرێت ونوێژی لەسەر ناکرێت، وئەم فەرموودەیە بنچینەیە لە لای زانایان کە بە دوورخستنەوەی هێرشکەر ودەستدرێژکەر (دفع الصائل) ناو دەنرێت.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/58224